بڕوبڕایەتی هەواگری و ئاسایش دەستگیرکردنی سێ داواکراوی لە بەغدا و نەجەف ڕاگەیاند

ئەمڕۆ یەکشەممە، بڕوبڕایەتیی هەواگری و ئاسایش دەستگیرکردنی سێ داواکراوی بە تەمەتی تیرۆر و ڕفاندن و بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان لە بەغدا و نەجەف ڕاگەیاند.

لە ڕاگەیەندراوەکی بڕوبڕایەتییەکەدا هاتووە :کە هێزەکانی بڕوبڕایەتی هەواگری و ئاسایشی بەغدای سەر بە بڕوبڕایەتی گشتی هەواگری و ئاسایشی وەزارەتی بەرگری توانیان دوو داواکراو بە تەمەتی تیرۆر و ڕفاندن لە ناوچەکانی زەعفەرانیە و تاجی لە بەغدا دەستگیر بکەن ، کە دوو فەرمانی دەستگیرکردنیان لە دژی هەبوو بەپێی بڕگەکانی مادەکانی تیرۆر و ڕفاندن.

هەر بەگوێرەی هەمان ڕاگەیەندراو، یەکێک لە هێزەکانی هەواگری و ئەمنی نەجەفی پیرۆزی سەربە هەمان بڕوبڕایەتی ، توانیان بازرگانیکی مادەی هۆشبەر لە هەمان پارێزگا دەستگیر بکەن،کە فەرمانی دەستگیر کردنی دادوەری هەبوو بە پێی ماددەی 28ی ماددە هۆشبەرەکان .